# ئەرشیفی ئەو نامانەی بۆ سەدام نێردراون ، نهێنیی و فیڵەکان ئاشکرا ئەکەن

وەرگێڕانی : بەرزان هەستیار

ئەم بابەتەی خوارەوە لە یەکێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" و لە 2003/4/27 دا بڵاوکراوەتەوە ، نووسەری بابەتەکە "کمال قبیسی " ئەڵێ :" ئەو نامانە پێش دوو ڕۆژ لەلایەن کۆمەڵێك لە چالاك و هەڵسووڕاوانی کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراقی لە کۆشکی کۆماری دۆزراونەتەوە کە لە ساڵی ڕابردوو سەرەتای ئەمساڵدا نێردراون بۆ سەرۆکی لەکار لابراو "سەدام حسێن " ، دوێنێ "الشرق الاوسط "یش ناوەڕۆکی هەندێکیانی لە سەرچاوەیەکی " کۆنگرە"وە دەست کەوتووە " .

منیش لێرەدا حەزم کرد خوێنەری کوردیش ئەوە بزانێ وەك نووسەر ئەڵێ کە تا چ ڕادەیەك ئەم سەرۆکە مردوو یان لە بەرچاو ونبووە لە لایەن کەسانێکەوە لە دەرەوە ویستراوە ئەو هەستی خۆ بە زل زانینەی بە وشەی بریقەدار بەکار بێنن.

بە هەرحاڵ گەرچی نزیکەی ساڵ و نیوێك بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو نامانەدا بە زمانی عەرەبی تێپەڕیوە بەڵام هەر خراپ نیيە خوێنەری کوردیش چەند کەلەبەرێکی تر لە کەسایەتیی دکتاتۆرێکی وەك سەدام حسێن ببینێ و سەرە داوی چەند ڕسوایی نامەیەکی ئەو کەسانەش بخوێنێتەوە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت "سەدام حسێن " ی دکتاتۆریان لێ بووە بە فریشتەو دنیایان لە چاوی پڕ زەلیلیی ئەوەوە بینیوە .

( ب . ه )

نامەکان زۆرن و لە کەسایەتییە پلە جیا جیاکانەوەن ، یەکێکیان لە" کوفی ئەنان " ی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوە کانەوەیە کە پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانی ڕابردووی لێ ئەکات ،چەند نامەیەکی تریش بە هەمان بۆنەوە لە کۆمەڵێکی زۆر لە سەرۆکە عەرەبی و بیانییەکانەوە ، لە ناویانا زەعیمی کوبی فیدڵ کاسترۆ .

بەڵام سەیرترین نامە کە بە دەست نووسراوەو لە چواردەی دیسەمبەری ڕابردوودا ، ئەو نامەیەیە کە "جاز " ژەنی ئەمریکی"ئەندرۆ ئالان "ی بە ناوبانگ کە لە نیۆیۆرك بە ناوی "تیکس "ەوە

نیشتەجێیە ، لەگەڵ وێنەیەکی خۆیدا بۆی ناردووە ، ئالان تێیدا ( بۆ فەرماندەو و سەرۆك سەدام حسێن و بۆ گەلی عێراق ) چەند وشەیەکی عاتیفیی و پشتگیرییەکی تەواوی لە هەڵوێستەکانی زەعیمی لەکار لابراوی نووسیوەو لەکۆتایی نامەکەشدا ئیمزای خۆی و وێنەی دڵێکی کێشاوە کە وەك دیارە نیشانەی خۆشەویستیی و هاوسۆزییە ، لە نامەکەیدا داواش ئەکات کە وەك درعێکی دیاری بەشەریی میوانداریی عێراق بکرێت .

هەر لە ئەرشیفی نامەکاندا نامەیەك دۆزراوەتەوە کە هی "وفاء عبدالسلام عارف "ی کچی سەرۆکی کۆچ کردوو " عبدالسلام عارف "ە ،کە دوای کودەتاکەی هەشتی شوباتی 1963حوکمی عێراقی گرتە دەست ، "وفاء " لە کۆتایی نامەکەیدا کە مێژووی 17 ی شوباتی ڕابردووی لەسەرەو وەك پیرۆزبایەك بۆ جەژنی ڕەمەزان بۆی ناردووە ،ئەڵێ (ئێمە سەربازی تۆین ، هەتا دوا دڵۆپی خوێنیشمان هەر سەربازی تۆ ئەبین ) .

هەر لە ئەرشیفی نامەکانی سەرۆکی لابراودا قەسیدەیەك بە شێوازی شیعری " نبطي " کە بە لەهجەی" عامی بدوی " یە و لە 12ی تشرینیدووەمی ڕابردوودا ناردوویەتی، شێخێك لە "قەتەر"ەوە نووسیویەتی بە ناوی "محمد بن ناصر ال خليفة "وە ،تێیدا سەرۆکی عێراق بە "باز "ێك وەسف ئەکات کە دەشت و دۆڵ ناناسێت و لە نێو لوتکەکاندا نەبێ نافڕێت .ئەوەندەی بتوانرێ ئەو بەیتە شیعرە "بەدەوی "یانە لێکبدرێتەوە مەبەستەکەی ئەڵێ (بەڵکو بە جۆرێك سەری عەرەبت بەرز کردووەتەوە کە جگە لە تۆ کەس نەیکردووە )

بە پێی ئەو مۆرانەی بەسەر هەردوو نامەکەی سەفارەت و وەزارەتی دەرەوەیە " شێخ محمد " ئەم قەسیدەیەی لە ڕێی سەفارەتی عێراق لە " دوحە " وە بۆ سەرۆکی لابراوی عێراق ناردووە ، ئەویش لە لای خۆیەوە ناردوویەتی بۆ سەفارەتی دەرەوەی عێراق و لەوێوە بۆ کۆشکی کۆماریی لە بەغداد .

فەلەستینییەکیش بە ناوی " جمعة ابو زكري " لە " غەززە "وە نامەیەکی بێ بەرواری بۆ ناردووە ،بەڵام بە پێی ئەو مۆرەی بەنامەیەکی ترەوەیە نامەکە لە تشرینی یەکەمی ڕابردوودا نێردراوە و تێیدا داوای 75 هەزار دۆلار ئەکات ( بۆ دامەزراندنی کارگەیەك لە فەلەستینی خۆشەویستا بۆ دروست کردنی مەدالیا و ویسام ) پێشنیاریشی کردووە کە مەدالیای جۆراو جۆر بەرهەم بێنێت،وەك ئەڵێ (ئەی سەرۆکی جێی شانازیی عەرەب ، لەسەر دیوێکی مەدالیاکە وێنەیەکی تۆی بەخشندە دائەنێین و لە تواناشدا بوو لەسەر دیوەکەی تری وێنەی یەکێك لە شەهیدە بێ تاوانەکانی ڕاپەڕین دروست ئەکەین ) .

یەکێکیان لە ژێر نامەکەدا ئەم ڕستەیەی نووسیوە (دوای تاووتوێ کردن ، ئەم پڕۆژەیە جێ بەجێ بکرێت ) . " تەها یاسین ڕەمەزان " ی جێگری ئەوسای سەرۆکی عێراق بە دەستوخەت و ئیمزای شەخسیی خۆی لە دامێنی نامەکەدا نووسیویە : (پرۆکەیەکی چاکە پشتگیریی لێ بکرێت ) .

لە نێو نامەکاندا نامەی هاوڵاتییەکی نەمساویی لە ڤیەننا کە ناوی "هیلموت هیرتزر "ە دۆزراوەتەوە کە لە 24 ی ئەیلوولی ڕابردوودا تێیدا داوا لە سەرۆك سەدام حسێن ئەکات (سەعاتێکی دەستیی ئاڵتوون کە بە وێنەی خۆت نەخشێنرابێ بۆ ئەوەی بیخەمە پاڵ ئەو سەعاتە دەگمەنانەی کە هەمن ) وەك خۆی ئەڵێ .

**وا دیارە سەدام کەوتۆتە تەڵەکەوەو لە پارەی نەوت بەرامبەر خۆراك سەعاتێکی بۆ پیاوەکە کڕیوە ، چونکە لە دامێنی هەمان نامەدا** "احمد حسين خضير " **کە لەوە ئەچێ سکرتێری شەخسیی هەندی کاروباری سەرۆکی لابراوی عێراق بێت ، نووسیویەتی : ڕازین.. و بەم زوانە هەنگاوی پێویست بۆ دەستەبەر کردنی مەکرەمەی سەرۆکایەتیی بۆ هاوڵاتییەکی نەمساویی ئەنێین ) پاشان ئیمزای خۆی و ناوی تەواوی نوسراوە .**

**هەر لە ئەرشیفی پۆستەکەیدا کۆمەڵێ نامەی پیرۆزبایی لە هونەرمەندان بە ژن و پیاوەوە و ڕۆژنامەنووسان و کەسانی ترەوە لە میسرو ئەردەن و لوبنان بە شێوەیەکی تایبەتیی ، هەیە ،زۆربەشیان پڕن لە تەمجید کردن و ناوبردنی سەدام بەوەی کە لە سەرۆکەکانی تر جیاوازە ، بە ڕادەیەك کە یەکێکیان بە "سەلاحەدینی دوو سەدە ، بیست و بیست و یەك ) وەسفی ئەکات .**

**" بزنس مان "یێکی ئەردەنییش نووسیویەتی : ( بۆ گورز وەشێن لە ئیسرائیل و ڕابەری بووژانەوەی پیشەسازیی و ئاوەدان کردنەوە لە عێراقی خۆشەویستا ، تۆقێنەری دوژمنان لە فوراتەوە هەتا نیل ).**